# ئەوەی حەج ئەنجام بدات، وقسەی خراپ وناڕەوا نەکات (نزیک نەبێتەوە لە خێزانی بەچێژوەرگرتن)، وتاوان وگوناهـ ئەنجام نەدات ئەوا دەگەڕێتەوە (لە حەج کردنەکەی) وەکو ئەو ڕۆژەی لە دایك بووە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەوەی حەج ئەنجام بدات، وقسەی خراپ وناڕەوا نەکات (نزیک نەبێتەوە لە خێزانی بەچێژوەرگرتن)، وتاوان وگوناهـ ئەنجام نەدات ئەوا دەگەڕێتەوە (لە حەج کردنەکەی) وەکو ئەو ڕۆژەی لە دایك بووە»
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی دەکاتەوە ئەوەی حەج بکات بۆ خوای گەورە (بە دڵسۆزی وئیخلاصەوە بۆ خودا )، وکردەوەی ناڕەوا نەکات لە کاتی ڕێورەسمی حەجەکەدا -کردەوەی ناڕەوا وەکو جووتبوون وپێشەکیەکانی لە ماچکردن وبەریەککەوتن-، وهەروەها هیچ قسەیەکی خراپ نەڵێت، وفاسقێتی نەکات ئەمیش هەموو تاوان وگوناهەکان دەگرێتەوە، ونمونەی فاسقێتی بریتیە لە کردنی قەدەغەکراوەکانی ئیحرام، ئەوا لە حەجکردنەکەی دەگەڕێتەوە بە لێخۆشبوونەوە هەروەکو چۆن منداڵ لەدایک دەبێت بە بێ گوناهـ .

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2758

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee